وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی یاسا
ڕێکەوت : ٢٠٠٣/٥/١٨

## ڕێنمایی ژمارە ( ١١ )ی ساڵی ( ٢٠٠٣ )
## تایبەت بە مۆڵەتدانی دەستفرۆشانی کاسێتی دەنگ و ڕەنگ بە هەموو جۆرەکانییەوە

بە پێی ئە دەسەلآتەی لە ماددەی (٣)ی یاسای وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو پێمان دراوەو ، بۆ بەرژەوندیی گشتی و ، رێکخستنی کاروباری مۆڵەتدانی دەتفرۆشانی بواری کاسێتی دەنگ و رەنگ بە هەموو جۆرەکانییەوە بڕیاری دەرکردنی ئەم رێنماییەمان دا :

**یەکەم :** دەستفرۆشانی بواری کاسێتی دەنگ و رەنگ بە هەموو جۆرەکانییەوە بۆیان نییە بەبێ مۆڵەتی پێش وەختەی بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری پارێزگە ئەم کارە ئەنجام بدەن.

**دووەم :** ئەو کەسەی داوای مۆڵەت دەکات ، سەرەتا داواکارییەك پێشکەش بە بەرێوەبەرایەتیی رۆشنبیری پارێزگە دەکات و ، ئەم بەڵگە نامانەی لەگەڵدا دەبێت.

أ. دوو وێنەی تازەی رەنگاورەنگ.
ب. پوولێکی دارایی یەك دیناریی.
ج. پشتگیری دەزگا بەرپرس و پەیوەنددارەکان.
د. پشتگیری تۆمارگەیەکی کاسێتی دەنگی ، ڤیدیۆیی بە رەسمیی مۆڵەتدراو.

**سێیەم :** مۆڵەتدراو دەبێ پابەندی هەموو بنەماکانی داب و نەریتی کوردەواری بێت و ، نابێ ئەو جۆرە کاسێتانە بفرۆشێت ، کە زەرەر و زیان بە کۆمەڵگەی کوردەواریمان دەگەیەنێت.

**چوارەم :** ماوەی مۆڵەت یەك ساڵەو ، کەسی مۆڵەتدراو بە مانگێك بەر لە تەواوبوونی مۆڵەتەکەی دەبێ داوای تازەکردنەوەی بکاتەوە.

**پێنجەم :** رەسمی مۆڵەت بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :

أ. رەسمی مۆڵەت بۆ یەکەمجار :
- (٥٠) پەنجا دینار پارەی رەسمی مۆڵەت.
- (١٠) دە دینار پارەی رەسمی پشکنین.

ب. رەسمی تازەکردنەوەی مۆڵەت :
- (٣٠) سی دینار پارەی رەسمی تازەکردنەوەی مۆڵەت.
- (٥) پێنج دینار پارەی رەسمی پشکنین.

**شەشەم :** داواکاری مۆڵەت دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت :

أ. نابێ تەمەنی لە (١٨) ساڵان کەمتر بێت.
ب. دەبێ خوێندن و نووسین بزانێت.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**حەوتــەم :** مۆڵەتـدراو بـە بـێ رەزامەنـدیی خـاوەن بەرهـەم نـابێ ئـەو بەرهەمانـە بفرۆشـێت و مامەڵەیان پێ بکات ، کە بە پێی یاسای مافی دانەر مافـەکانیان پـارێزراوە ، بـە پێچەوانەشەوە مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە و ، وەکو سەرپێچیکار بە پێی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٧١) ـ یاسای مافیدانەر ـ هەڵس و کەوتی لە گەڵدا دەکرێت و ، ئەم خاڵـەیش هـەموو نووسـینگەکانی تۆمارکردن و فرۆشتنی کاسێت و (CD) دەگرێتەوە.

**هەشــتەم :** ئـەو کاسـێتانەی دەستفرۆشـان دەیانفرۆشـن دەبـێ مـۆری نووسـینگەیەك یـان تۆمارگەیەکی مۆڵەتدراوی پێوەبێت.

**نۆیــەم :** ئـەو مۆڵەتـدراوەی سەرپێـچی یاسـا و رێنماییـەکانی وەزارەت بکـات ، بـە شـێوەیەکی رەسمی دووجاران ئاگـادار دەکرێتـەوە ، ئەگـەر هـەر لەسـەر سەرپێـچییەکانی بـەردەوام بێـت ، مۆڵەتەکـەی لەلایـەن بەرێوەبەرایـەتی رۆشـنبیریی هەڵدەوەشـێتەوەو ، وێنەیـەکی فـەرمانی هەڵوەشـاندنەوەی مۆڵەتەکـەش بـە دەزگـا بـەرپرس و پەیوەنـددارەکان دەدرێـت ، تـا دوای ساڵێکیش بۆی نابێت داوای مۆڵەت بکاتەوە.

**دەیەم :** ئەو کەسـەی مۆڵەتەکـەی لەسـەر سەرپێـچیکاری هەڵدەوەشێتەوە ، دوای تێپـەڕبوونی ساڵێك بەسەر سزادانی ، گەر داوای مۆڵەت بکاتەوە ، ئەوە وەکـو ئـەو کەسـە مامەڵـەی لەگەڵدا دەکرێت ، کە بۆیەکەمجار مۆڵەت وەردەگرێت.

**یازدە :** ئەگەر مۆڵەتدراو بە ئارەزووی خۆی واز لە کارەکەی بێنێت ، یان پەیوەنـدی لەگـەڵ ئـەو تۆمارگەیەدا نەمێنێت ، کە پشتگیریی مۆڵەتدانەکەی کردووە ، کەسی مۆڵەتدراو دەبێ لە ماوەی یەك هەفتەدا بە نووسین بەرێوەبەرایەتیی رۆشنبیریی پارێزگەی لێ ئاگادار بکات ، بە پێچەوانەوە بە پێی یاسا رەفتاری لەگەڵدا دەکرێت .

**دوازدە:** دەستفرۆشانی مۆڵەتدراو بە بەردەوامی لەلایەن لێژنـەی چـاودێری و پـشکنینی سـەر بـە بەرێوەبەرایەتیی رۆشـنبیریی پارێزگـە، بـە هاوئاهـەنگیی نوێنـەرانی بەرێوەبەرایـەتی ئاساییـشی نێوشار بەسەر دەکرێنەوە و، لێژنەکە بۆی هەیە هەموو ئـەو کاسـێتانەی سـنووری رێنماییـەکانی وەزارەتیان تێدا بەزێنراوە دەستگیر بکەن و، مۆلەتدراوانیش بەپێی خاڵی نۆیەمی ئـەم رێنماییـە رەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت.

**سێزدە:** هەر رێنماییەکی دیکە ، کە لەگەڵ ئەم رێنماییەدا ناکۆك بێت کاری پێنـاکرێت .

**چواردە :** دەزگا بەرپرس و پەیوەنددارەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەم رێنماییەو ، بۆ بەرژەوەندی گشتی ، دەبێ هاوکاریمان بکەن.

**پـازدە :** ئـەم رێنماییـە لـە رۆژی بلاوکردنـەوەی لـە رۆژنامـەی وەقـایعی کوردسـتاندا کـاری پـێ دەکرێت.

**محمــود محمد محمــود**
**وەزیــــری رۆشـــــنبـیـری**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com